

## شێت .. هۆنراوەی شالاو

لە هەر شوێنێک ..
زرنگەیەک بێ ،
ئەوە شووشەی دڵی منە و
ئەوە منم وا دەشکێم !
لە هەرلایەک ..
دڵۆپ دڵۆپەی دەنگێکتان
هاتە گوێ
ئەوە نمەی باران نییە
کە بباریَ ..،
ئەوەخوێنی دڵی منە
دڵۆپ دڵۆپ خۆشم لەگەلیا دەتکێم ..!
کەزانیتان
عاشقێکی ئەم سەردەمە
شێت بووە شێت ..!
ئەوە منم ....
پێویست ناکا ... بپرسن کێم